

# سەرکردەی گەوج .... بەری گەوجی کۆمەڵگایە

## جەزا چنگیانی

پێش ئەوەی کارتی قومارچیە کورد و عەرەبەکان لە سەر مێزی هەڵبژاردن ئاشکرابێت ئێمەی کورد لە سەر مێزی سیاسی عیراق دۆڕاین . جۆرج بۆشی ( کوڕ ) کە ڕەخنەی لە جورج بۆشی ( باوك ) لە سەر نە ڕماندی صدام گرت , بە گرنگترین فاکتەری بوونی سەرکردەیەکی دڕندەی وەك صدام و نا ئارامی ونا سەقامگیری گەوجی گەلانی عیراق نامۆ بوو . ئەو نەیدەزانی عیراق وولاتێکی زۆر عەنتیکەیە لە ماوەی 1921 تا 2004 کە دەگاتە 83 ساڵ ئەم کۆمەڵە مرۆ عەنتیکەیە نەك نەیان توانیوە لە یك بگەن . بەڵکو نەیانتوانیوە یاسایەکی پتەوەی وا بۆ ڕێخستنی کارو باری ڕۆژانەی خۆیان دا بڕیژن .کە بتوانن بە ئاسانی کارەکانی ڕۆژانەیان پێ جێبەجی بکەن .ئەوەی قەوارەی سیاسی وولاتێکی بە ( عیراق ) بەخشیوی تەنیا بوونی سامانی ( پترۆڵەکەیتی کە 75٪ هی کوردە ) یانی ئەم وولاتە بەبێ ئەم سامانە لە نەخشەی سیاسی جیهان و ناوچەکەدا صفرە دەبوو . گەلانی عیراق ( کورد و عەرەب ) گەوجێکەیان لەوەدایە تا بێز لەیەکتری بکەنەوە وبە تاکتیکی بەرژەوەندیەکانی بیانی بازی بە ژیان و ئایندەی خۆیان بکەن وگەرەکیان بێ پێکەوە لە زیندانی سنوری عیراقی زۆڵدا پێکەوە بژین . ئەو سێ جار 83 ساڵی تر ناگەنە ئەنجامێك کە پێبوتری ئەنجامێکی ئارام .قوماری سیاسی ئیمڕۆ لە سەر مێزی گلۆبالیزمی جیهانی سەرمایەداریە . سەرانی کورد ( تاڵەبانی و بەرزانی ) گەوجترین یاریکەری سیاسی جیهانی گلۆبالیزمن . جۆرج بۆش ( کوڕ ) بە گوێ باوکی نەکرد و ( تاڵەبانی و بەرزانی ) پەلکێشی مێزی قوماری سیاسی کرد وکارتی سیاسی دانە دەست لە جیاتی دوو جۆکەر سێ جۆکەری ( کەرکوك و خانەقین و موصلی ) پێدان . لە ئەنجامدا نەك نەیان توانی بازییەکی هوشیار بەو سێ جۆکەرەوە بکەن .لە سەر مێزیك بە ناو هاوبازی بوون لەجیاتی یارمەتی بلۆڤیان لەیەکتری دەگرت . بۆیە ناسیونالیستی عەرەبی بە هوشیاریەوە

جۆكەرەكانی لە دەست ( تاڵەبانی وبەرزانی) فڕاند . لە ئەنجامدا لە 8٪ وارەكەيان پيبڕا. زيادڕەويم نەنوسيوە كە گەلی باشور گەلێكی گەوجە .چونكە ڕێگەيان بە دوو سەركردە داوە بازی بە چارەنووسيانەوە بكەن . ئەم دوو سەركردەيە چەند ساڵ لەمەوبەر بەناوی كورديايەتيەوە مرۆڤی كوردی ساكاريان پەلكيشی شەڕی براكوژی و جاشايەتی ئيران و عيراق و توركيا و ئيستاش هەڵبژاردن دەكەن لە هەموو قۆنتەراتە سياسيەكانی ئەم دوو سياسيەدا مرۆڤی داماوی كورد هەميشە دۆڕاوی يەكەم و قوربانی بووە , لە سەرەتادا تاڵەبانی و بەرزانی ووتيان هەڵبژاردن دوادەخەين . پاشماوەيەكی كەم ووتيان هاوبەشی دەكەين لە هيچ يەك لە بڕيانانەدا تاكی كورد نەيويراوە پرسياری ئەوە بكات ( لە سەر چ پڕێنسيبێكی سياسی داوای دواخستنتان كرد و لە سەرچ پڕێنسيبێكی سياسی هاوبەشی دەكەن ( بێجگە وەرگرتنی ئەو بڕە ملوين دولارەی پارەی بۆ دەمكوتكرتنتان ) وەرتانگرت . لە تەك ئەم هەموو زيكزاكەی بە مرۆڤی كورد و جارەنووسی دەكرێ مرۆڤی كورد چەشنی بەرغەل دوايان دەكەون . ئيستا تاڵەبانی لە لايەن ناسيوناليستی عەرەبيەوە ئەركی ڕێكلامە بۆ هەڵبژاردنی پێسپردراوە , ئەم سياسيە هێندە هوشياری سياسی ( **كاڵە**) سەركردەی سوسيال ديموكراتی كوردە و جياوازی لە نێوانی ( گەل و نەتەوەدا )*ناكات . لە ڕۆژی 12/16 لە كۆبونەوەيەكدا بۆئەوەی مرۆڤی ساكاری كورد پەلكێشی هەڵبژاردن بكات بەرامبەر بە دانيشتوانی هەورامان ووتی (نەتەوەی كورد و عەرەب لە عيراقدا دەبێ لە مافدا يەكسان بن ) كورد لە عيراقدا نەتەوە نيە . عەرەب لە عيراق وميصر و سوريادا نەتەوەنين بەڵكو (گەلن ) . كۆمەڵگايەك هێندە گەج بێ دەستنيشانكردن و مسۆگەركردنی ماف وپاشەڕۆژيان بدەنە دەست سياسيەكی عەمارەپۆهزر وبێ دڵنيابوونێكی نێو دەوڵەتی هاوبەشی هەڵبژاردنيك بكەن كە كەسايەتی داتەپيوی عەرەبی عيراقی زيندو و بكەرە سڕبووەكانی ئەنفال چالاك بكاتەوە . دەبێ ئەو كۆمەڵگايە كۆمەڵگايەكی گەوج بێ .

من دةلَيم واية تؤش بروا ناكةيت ..... بابزانين ميذوو دةبيذي ضي .

* تەلەفزيونی كوردسات ڕۆژی 2004/12/16

2004/12/20

فرانكفۆرت

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de